# ئایا دەزانن کوردو کوردستان پێویستییان بە چەسپی دووقلییە !!

ئەحمەد رەجەب

پاش رووخاندن و خاپووركردنی ئاوایی وگوندو شارۆچكەكانی كوردستان و كاولكردنیان بە جۆرەها چەكی مۆدێرن و كیمیا بارانیان بە شێوەیەكی دەرندانەو دوور لە هەموو داب و نەریتێكی مرۆڤانەو ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی چەپەڵ بە نیازی نەمان و قەلاچۆكردنی رۆڵە بە ئەمەك و دڵسۆزەكانی گەلی كوردی قارەمان و وكۆ رەوە گەورە بەناوبانگەكەی پاش راپەرینی شارو دێهات وگوندەكانی كوردستان و بە یارمەتی هێزە دەرەكییەكان كورد لە كوردستاندا بوو بە خاوەنی دەسەلات.

دەبێ رۆڵەكانی گەلیكورد بوێرانە بلێین دوو زلهێزەكەی كوردستان، پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی كوردستان بوون بە خاوەن دەسەلات، چونكە هەر لە یەكەم رۆژەوە هەلەكانیان قۆستەوەو خۆیان كرد بە خاوەنی هەموو شتێك و بە هیچ شێوەیەك بیریان لە خەڵكی كوردستان و پارت وهێزە سیاسییەكانی تر نەكردەوە.

لە ساڵی 1992 دا بۆ یەكەم جار لە مێژووی پرشنگداری نەتەوەكەمان پەرلەمانی كوردستان بە هەڵبژاردن لە دوو پارتە زلهێزەكەی كوردستان بە فیفتی فیفتی ( پەنجا بە پەنجا ) پێكهات، دیارە دروست بوونی پەرلەمان سەرەرای هەموو كەم و كورییەكان، دەستكەوتێكی مەزن و بایەخدار بوو.

بە هۆی هەوەس و خواستی تەسكی بەرژەوەندی حزبایەتی و نەبوونی گیانی برایەتی و نەبوونی ژیانی دیموكراسی لە نێوان هەردوولا ناكۆكی و گێروگرفت وەك دومەڵ كەمە كەمە تەشەنەی كردو تەقییەوە، بووە هۆی هەڵگیرسانی شەرێكی پیس و چەپەڵ لە نێوان نوێنەرەكانی كورد !!.

هەموو خەڵك لە كوردستان و لە دونیادا دەزانن شەر مایەی وێرانكردن وناخۆشی وبەدبەختییەو، هەر بە هۆی ئەو شەرە چەپەڵەی نێوان دوو پارتە سەرەكییەكەی كوردستان، رۆڵەكانی كورد بوونە سووتەمەنی و بەو هۆیەش كورد چەندان هەلی زێرینی لە دەستداو، نەیتوانی ئەو هەلانە بكاتە ئەمرازێكی كارامە بۆ جێبەجی كردنی مافە رەواكانی و، گورزێكی كوشندە بەرامبەر بە دوژمنە دێرینەكانی و، بە پێچەوانەشەوە شەرەكە بووە گۆرەپانێكی بەرفراوان بۆ ئەوەی دوژمنانی كورد تیایدا تەراتێن بكەن وبە ئارەزووی خۆیان خواستی گلاویان بهێننەدی و، هەروا تاقمە تێرۆریست و توندرەوەكانی ناو هێزە ئیسلامییەكان پەرە بسێنن و، باشترین بەڵگەش بۆ ئەو راستییە تاقمە سەرلێشێواوەكەی " جند الإسلام " و كابرای بەناو مەلا سەیدی ریش پان كە ئێستا ئەندامی حزبێكی ئیسلامییەو ئەندامی پەرلەمانی كوردستانە و، لەم دوواییەدا لەدیمانەیەكی تەلەفزیۆنی لە باتی ئەوەی هێرشە بكاتە سەر تێرۆرو تێرۆریستان، بێ شەرمانە هێرشی كردە سەر ئەوانەی دژبە تێرۆرو تێرۆریستانن.

وا چەند ساڵێكەو، هەر لە پاش رێكەوتننامەكەی واشنتۆن كە بە ئامادەبوونی خاتۆ مادلین ئولبرایت ئیمزا كرا شەرو هەرا لە نێوان پارتی ویەكێتی نەماوەو، لەو رۆژەوە تا ئێستا هەموو كورد لە عێراق و ئێران و توركیاو سوریاو ئەرمینیاو گورجستان و روسیاو سەرانسەری دونیا داوا دەكەن چیتر هەلە رەخساوەكان لە دەست نەدەن و بیانقۆستنەوەو بەرژەوەندی كوردو كوردستان بپارێزن و، هەردوو حكومەتەكە بكەن بە یەك.

لەو ماوەیەدا كە شەر لە نێوان هەردوو پارتەكەی كوردستان نەماوە شتی سەیر سەیرو نایابمان دی، بۆ نموونە لە هیچ لایەكی ئەم دونیا پان و بەرینەدا دوو حكومەتمان بەدی نەكرد خاوەنی یەك پەرلەمان بن و، هەروا چەندین

ساڵە دەبیستین و دەبینین هەردوو مەکتەبی سیاسی لە مانگیکدا چەند کۆبوونەوەیەك ساز دەکەن و، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ( هەردوولا ) پاش تەواو بوونی کوبوونەوەکان دەڵێن : هیچ لە نێوانمان نەماوە وبەم زووانە موژدەی خۆشی بۆ گەلەکەمان و دۆستانی بلاو دەکەینەوە !!.
لێرەدا داوا لە هەموو کوردان و دۆستانی وخێرخوازان دەکەم بۆ ئەوەی بە دەنگی بەرزو دلێرانەیان داوا لە پارتی و یەکێتی بکەن چیتر گاڵتە بە عەقلی گەل نەکەن و، هەردوو حکومەت یەکبخەن و، بۆ ئەم مەبەستە بە راشکاوی دەڵێم: ئەی کوردینە، ئەی مەردینە فریاکەون چەسپی دووقلی بێنن تا ببین بە یەك و کەرکوك لە دەست نەدەین و جەعفەری ببەزێنین و لە دەستووردا سنووری کوردستان دەستنیشان بکەین.

2005/7/27